# جارێکی تر کۆتایی ئێران دەست پێ دەکاتەوە!

**حسێن حسێنی**

**کتێبێک بە زمانی فارسی هەیە بە ناوی( مێژوی شیکراوەی ئیسلام) لە نووسینی بەرێز ( د.جەعفەر شەهیدی) [1] لەو کتێبەدا لە سەر (ساسانی )یەکان نوسراوە: کاتێک حکومەت و خەلک لە یەک دور دەکەونەوە، بە یەک بەدگومان دەبن و حکومەت ناو خەلک پڕ دەکا لە جاسوس و خەلکیش بە بێ دەنگی وا پێنیشان دەدەن کە لایەنگری حکومەتن ئەمە هەر وا دەمێنێتەوە، تاوەکوو هێزێکی دەرەکی هێرش دەکاتە سەر ئەو ولاتە، ئەو دەم چونکوو حکومەت تەنهایە ولات بە تەواوی دەرۆخێت وەک بە سەر ساسانییەکاندا هات ئەگەر سەیری ئێستای ئێران بکەین زۆر لە لە سەر دەمی (خەسرەو پەروێز)ی شایی ساسانی دەچێت سەرەتایەکی بە هێزو و کۆتاییەکی خەمناک با سەیرێک لە تاریخی کۆنی ئێران بدەین ئەوجا دینەوە سەر ئەم باسە، نەخشەی خوارەوە سەردەمی (دارا)ی (هەخمەنی) پێنیشان دەدا لە نزیکەی 500 سال پێش زایین[2] حکومەتی هەخمەنییەکان لە سەر دەستی( ئەسکەندری مەکدونی) ڕوخا.**




**ئەم نەخشەی خوارەوە نەخشەی ئێرانە لە سەردەمی( خەسرەو پەروێز) ی( ساسان)ی لە نزیکی 600 سال دوای زایین[3] ئەم حکومەتە بە هۆی هێرشی خێلەکانی عەرەبەوە کە لە ژێر سێبەری خەلافەتی ئیسلامی دا یەکیان گرتبوو ڕوخا.**



**ئەم نەخشەی خوارەوە نەخشەی ئێرانە لە سەردەمی فەرمانرەوایی (خوارەزمی )یەکان [4] ئەم حکومەتەش بە دەستی چەنگیزخانی مەغول کە فەرمانڕاویی خێلەکانی ئاسیای ناوەڕاستی دەکرد ڕوخا.**



**ئەم نەخشەی خوارەوە نەخشەی ئێران لە سەردەمی زێڕینی سەفەوییەکان واتە سەردەمی شا عەباسی یەکەم پێنیشان دەدات لە سەددەی حەڤدەهەمی زایینی**[5] **ئەم حکومەتەش بە هۆی هێرشی( ئەفغان)ییەکان وە ڕوخا.**



**ئەمەی خوارەوە نەخشەی سیاسی ئێرانە لەم سەردەمەدا واتە سەردەمی( آیت الله خامنەای) ! ئەو وڵاتانەی دەکەونە نێو هێڵە ڕەشەکە بە تەواوی ملکەچی سیاسەتەکانی ئێرانن (وەک ئەمیرەکانی پێشوو) با وڵاتی سەر بە خۆش بن ئێران زاڵە بە سەر ئەم ناوچەیەدا کە وڵاتانی( تاجیکستان) و( ئەفغانستان )و(ئەرمەنیا) و( ئازەربایجان) ،(عێراق) و( سوریا) و (لوبنان) دەگرێتەوە لە لایەکی کەوە گروپی( حەماس) لە (غەزە)و (حوسی )یەکانی یەمەن بە تەواوی جێ بەجێ کاری سیاسەتە کانی ئێرانن واتە نیمچە ئەمپراتورییەک لێرەدا بوونی هەیە.**



**بۆ ئەویی بزانین کە ئێران چەند زالە بە سەر ئەم ناوچەیەدا سەیری ئەم وێنەیی خوارەوە بکەن کە چۆن ئالآی کۆماری ئیسلامی لە سەر سنوری ئیسرائیل و لوبنان دەشەکێتەوە!** [6]



**ئایا بۆ دەبێت ئەم دەوڵەتە بە هێزە! لە لێواری مەرگ دا بێت؟! هۆکارەکەی ئەوەیە ئێران لە ناوەوە تێک تەپیوە ڕێپێوانی 4 میلیونی خەلکی تاران دوای هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماری لە ساڵی ڕابردوودا ، درێژەکێشانی بزوتنەوەی سەوز بە هەموو رەهەندە ناوەوەیی و دەرەوەییە کانییەوە هەموو نیشانەی تێک چوونی باری ناوخۆییە، هەر وەها ئێران هەمیشە ئەو کاتە دەستی بە تێک چوون کردووە کە لەو پەڕی بە هێزی دەرەکی و عەسکەری دا بووە چ سەردەمی دارا ی هەخمەنی چ سەردەمی ساسانی و سەردەمی خوارەزمی و سەردەمی سەفەویی و( قاجاری)ش ، هۆکاری سەرەکیش هێزی دەرەکی بووە ئێران بەم نەخشەوە زۆر نان ستەیبلّ واتە لەرزۆکە لە لایەک دەبێت بەرژەوەنی خۆیی لە ئەم هەموو ناوچەیە دا بپارێزێت لە لایەکی کەوە ناچارە نارەزایەتی بەربڵاوی خەلک سەرکوت بکات بە دڵنییاییەوە کە هەموو ئەمانە زەختێکی زۆر دەخاتە سەری، ئەم ئەمپراتورییە دەرۆخێت زۆر ناکێشت و قسەکەی بەرێز شەهیدی کە لە سەرەوە باسم کرد پڕ بە پێستی بابەتەکەیە.**

**سەرچاوەکان:**


[1] http://www.ibna.ir/vdcirqaq.t1awu2bcct.html
[2] http://www.iranchamber.com/history/achaemenids/achaemenids.php
[3] http://en.wikipedia.org/wiki/Sassanid_Empire
[4] http://en.wikipedia.org/wiki/Khwarezmid_Empire
[5] http://www.iranchamber.com/history/safavids/safavids.php
[6] http://www.voanews.com/persian/news/iran-lebanon-israel-102539564.html